بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١١٤) لە ٢٠٢١/٩/٢٩

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و پشتبەست بە ماددەی (چوارەم) و بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لەبەر ڕۆشنایی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٦) لە ٢٠٢١/٩/٢٩، ئەنجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونی جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران